# (مەلا)و (هۆكی)

جەلال بەرزنجی

چاوە شەیداكانPassionate Eye پرۆگرامێكی رۆشنبیری سەركەوتووە لە كەناڵی تەلەفزیونی س. ب.س لە كەنەدا هەفتانە پێشكەش دەكرێت . بینەرێكی یەكجار زۆری هەییە .
پرۆگرامەكە بە چاوێكی زۆر عاشقانەوە شەیدایانە چیرۆك و سیناریۆی سینەمای لە روو داوە دەگمەنە مێژوویەكان و بیۆگرافی ناوادارەكان دروستی دەكات , ئامادەكەر و پێشكەش كەری ئەم پرۆگرامە ژنە رۆژنا مە نووسی كەنەدی بە رەگەز (سیرالیونی) (مایكڵ ژیین) لە ساڵی 2005 بەرز ترین پۆستی حكوومەتی لە كەنەدا وەرگرت كە( جەنەراڵی حكوومەتە) ئیستا ماكل ژیین (گۆڤەرمێنت جەنەراڵە)واتە نوێنەری مەلیكە لە كەنەدا لە رووی سمبولییەوە دوا ئیمزا كەری سەر هەموو بریارەكانە ئێستا ئەم پرۆگرامەلە لایەن رۆژنامەنووسێكی تر ئامادەو پێشكەش دەكرێت, ئەلقەی رۆژی 15-4_2006 لە ژیری تایتڵی( یاریكەرێكی گەرۆكی هۆكی كەنەدی دەچێتە یەكییەتی سۆڤیەت )ی جاران بوو, باسی لە یاری زانێكی هۆكی كەنەدی دەكرد كەوا لە ساڵی 1972 دەچێتە یەكییەتی سۆڤییەتی جاران تا لە نزیكەوە روحی ئەم یاییە ببینێ و لەو گۆ شەیەیدا باس لەو یاركەرو بینەرانە دەكات كە یاری هۆكی لایی بۆتە عیشقێكی روحی گەورە و لەو گەشتەییدا دەچێتە ئەم شوینانەی خۆشەویستی ( هۆكی) گەیووەتە رادەی شەیدا بوون , لە چاوە شەیداكانی ئەم گەشتە قەرەجیانە نووسەری ئەلقەكە لە سەر ژییانی هەموو نەتەوەكانی روسیای دوای پرۆسترۆریكا دەوەستێ و باسی یاری هۆكی دەكات لە سیستەمی نوێ كەواكەمێك دوا كەوتووە ئەوەی لەو گۆشەییەی ئەمرۆ سەرنجی راكێشام و وای كرد ئەم ستوونە بنووسم , چوونی چاوە شەیداكان بۆ هەرێمی تەتەرستان( مەنغۆلیا)ی ئەو كات كەوا باس لەمەلای تەترستان دەكات كەوا چۆن شەیدای سەیر كردنی یاری (هۆكی) ییەو دوای بانگ دان و پێش نوێژ كردن چۆن بە پەلە دەچێتە سەیر كردنی یاری هۆكی و بە شەیداییەوە سەیری دەكات , من بۆ خۆم یەكەم جاربوو مەلاییەك ببینم ئەوها لە بەر چاوم ئیسكی سووك بێت . چونكە لای زۆبەی زۆری مەلاكانی ئیسلامەتی لە رۆژهەلات و لای خۆمان وەرزش كردن حەرامەو لە كۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ماوەییەكی زۆر وەرزش كردن بەرەسمی حەرام كرابوو لە ئەفغانستانی سەردەمی فەقییەكان ومەلكان وەرزش لە حەرامیش خراپ تر بوو , دیارە ئەم مەلایە چونكەلەولاتێك ژییاوە ریفۆرمی ئایینی تییادا كرابوو دیارە پرۆشكی ئەم ریفۆرمە بەر ئیسلامیش كەوتووە لە (تەترستان)بۆییە(مەلا)كەی ئەوێندەر ئازاد ترە لەو مەلاییانەی لای خۆمان كەوا هەزارو پێنج سەد ساڵە چەقیوون !